# کورد و کوردستان
# لە کتێبی (اشکال العالم)ی جەیهانی

**پ.ی.د.مووسا محەمەد خدر**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
musa.khdir@su.edu.krd

**م.ی. شەرمین کەریم عەبدولرەحمان**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
Sharmen.abdulrahman@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناوونیشانی کورد و کوردستان لە کتێبی (اشکال العالم)ی جەیهانییە، وا دیارە بنەماڵەی جەیهانی لە ناوچەی سیستان زۆر بەناوبانگ بوونە و کەسایەتی زۆر دیار لەو بنەماڵەیەدا هەڵکەوتوون, کە توانیویانە بگەنە پۆستە کارگێڕییەکان، ئەمەش یارمەتیدەر بووە بۆ محەمەد کوڕی ئەحمەدی جەیهانی بتوانێت پۆستێکی کارگێڕیی گرنگ لە کۆشکی سامانییەکاندا بەدەست بهێنێت، بەمەش ناوبراو بوو بە وەزیری میر نەسری کوڕی ئەحمەد سامانی، بێگومان بەهۆی هەبوونی ئەم پۆستە گرنگەوە ڕێگەخۆشکەر بوو کە دەرگای ماڵەکەی بەڕووی زاناکانی زۆرینەی بوارەکاندا بکاتەوە، کە دواجار کۆبوونەوەی ئەم هەموو زانست و زانیارییە بووە مایەی ئەم کتێبە گرنگەی لێ بەرهەم بێت، ئەگەرچی کتێبەکە زیاتر جوگرافیای وەسفی بەسەریدا زاڵە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو فەرهەنگێك دەردەکەوێت، کە پڕە لە زانیاریی هەمەچەشن ، ئەو سوورە بەدەر لەم کتێبە چەند بەرهەمێکی دیکەشی هەیە، کە لە سەرچاوەکانەوە ئاماژەی پێدراوە، جگە لەمانەش کتێبی ئەشکال ئەلعالەمی جەیهانی چەند لاپەڕەیەکی تێدا تەرخان کراوە بۆ باسی هەرێم و شارە کوردی و کوردنشینەکان، بۆیە هەوڵدراوە بۆچوونی نووسەرێکی فارس لە هەمبەر ئەم بابەتە لە ڕێگەی کتێبەکەیەوە ڕوون بکرێتەوە، ئاخۆ چۆن باسی

لەمانە کردووە، کە لە بەر ڕۆشنایی سەرچاوەکانی دیکەوە بابەتەکە بەتەواوی ڕوون کراوەتەوە و بەراوردی پێ کراوە.

**وشە سەرەکییەکان:** جوگرافیناس، شار، جەیهانی، سەرچاوە, سامانییەکان.

### ١,١ پێشەکی:

زۆرێك لە زانستەکان بەتەواوکەری یەکتری دادەنرێن، ئەمەش هۆکارێکە ڕەنگە بەشێك لەو زانیارییانە کە پێویستە بۆ هەر پسپۆڕیەك پێویستی بە زانستێکی دیکە دەبێت، کە ببێت بە هاوکاری و زانیاریی زیاتر بخاتە بەردەستی توێژەرەوە، هەر لەو پێودانگەشەوە ناوونیشانی ئەم توێژینەوەیە دیاری کراوە، کە ببێت بە سەرچاوەیەکی زانیاریی گرنگ بۆ پسپۆڕیی ئێمە کە مێژووە، چونکە زۆرجار زانیاریی ئەوتۆی گرنگ لە نێو کتێبی گەڕیدەکان وەدەست دەهێنرێت، کە بەدەگمەن نەبێت لە نێو کتێبە مێژووییەکاندا وەدەست ناکەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵدراوە زانیاری لە بارەی کورد و کوردستان کە لەلایەن نووسەرێکی فارسەوە نووسراوە دیاری بکەین و بخەینەڕوو، ئاخۆ بیروارِی چۆن بووە و چۆن ناوچە و هەرێمە کوردی و کوردنشینەکانی بەیان کردووە، هەر ئەمەش هۆکارێك بووە وایکرد کە ئەم ناوونیشانە بکەینە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمان.

لەم توێژینەوەیەدا بەشێکی زۆر سەرچاوەکانی گەڕیدەکان و جوگرافیناسەکان سوودیان لێبینراوە، بەهۆی ئەوەی کارنامەکە زیاتر باسی شار و هەرێمە کوردی و کوردنشینەکانی کردووە بە گوێرەی کتێبی ئەشکال ئەلعالەمی جەیهانی و بەشێك لە سەرچاوە گرنگەکان کە پشتیان پێ بەستراوە، لەوانە کتێبی سورە ئەلئەرزی ئیبن حەوقەل و کتێبی ئیبن خوردازیبە بەناوی مەسالیك وەلمەمالیك و کتێبی موعجەم ئەلبولدانی یاقوت ئەلحەمەوی و چەندانی دیکەش.

سەبارەت بە دیارترین کێشە و گرفتەکانی بەردەم ئەو توێژینەوەیە، ئەوەیە هاوشێوەی زۆرێك لە گەڕیدەکانی دیکە ژیاننامەی جەیهانی تا ڕادەیەك ونە، بەتایبەت لە بارەی ساڵی لەدایکبوون و گەورە بوون و پێگەیشتنی و چۆنییەتی وەرگرتنی پێگە

كارگێڕییه‌كان و هتد.. ڕه‌نگه‌ هۆكاره‌كه‌شی ئه‌وه‌بێت هاوشێوه‌ی زۆرێك له‌ گه‌ڕیده‌كانی دیكه‌ گرنگییان به‌و بواره‌ نه‌داوه‌، سه‌رباری ئه‌مه‌ش زۆرێك له‌ شاره‌ كوردییه‌كانی باس نه‌كردووه‌.

بێگومان ئه‌م كارنامه‌ زانستییه‌ هاوشێوه‌ی ئه‌وانی دیكه‌ به‌سه‌ر پێشه‌كی و سێ ته‌وه‌ره‌ و ئه‌نجام و لیستی سه‌رچاوه‌كان به‌ جۆرێك ته‌وه‌ره‌ی یه‌كه‌م باسی ژیانی جه‌یهانی كراوه‌ له‌ له‌دایكبوون و پێگه‌یشتن و وه‌رگرتنی پۆسته‌ كارگێڕییه‌كان و ڕۆڵی له‌ بواری زانستیدا، ته‌وه‌ره‌ی دووه‌م باسی میتۆدی جه‌یهانی كراوه‌ له‌ نووسینی كتێبه‌كه‌یدا وه‌ك ڕه‌خنه‌ و باسكردنی كتێبه‌كه‌ و میتۆدی له‌ نووسین و دابه‌شكاری و هۆكاری نووسینی كتێبه‌كه‌ی هه‌روه‌ها له‌ ته‌وه‌ره‌ی سێیه‌م باس له‌ شار و هه‌رێمه‌ كوردی و كوردنشینه‌كان كراوه‌ كه‌ هه‌وڵدراوه‌ به‌ته‌واوی ئه‌و لایه‌نه‌ شیبكرێته‌وه‌ له‌ هه‌رێمی جه‌زیره‌ و عێراقی عه‌ره‌بی و كوهست یاخود كوێستان یان هه‌رێمی چیا.

بێگومان ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌ش هاوشێوه‌ی كاره‌ مرۆڤ كرده‌كانی دیكه‌ بێ كه‌م و كوری نییه‌ ئه‌گه‌رچی هه‌وڵدراوه‌ كه‌مترین هه‌ڵه‌ی تێدا بێت به‌ڵام مادام كاری مرۆڤه‌ بێ كه‌م و كوری نابیت، چونكه‌ ته‌نها كاری خودا بێ خه‌وش و گه‌رده‌.

**٢,١: ژیاننامەی جەیهانی:**

**١- لەدایکبوون و پێگەیشتنی و مردنی:**

بێگومان ئەوەی جێگەی سەرنجە زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەی ژیانی ناوبراو نییە بەتایبەت لەبارەی ساڵی لەدایکبوونیەوە لەبەردەست نییە، چونکە زۆرینەی گەڕیدە و نووسەران نەپەرژاونەتە سەر ئەوەی کە چەند لاپەڕەیەك لە کتێبە دانسقەکانیان تەرخان بکەن بۆ خۆ ناساندنیان بەو کەسانەی کە دوای خۆیان کتێبەکانیان دەکەوێتە بەر دەست و بەکاری دەهێنن وەك سەرچاوەیەکی گرنگ، بەڵام بەداخەوە لە هیچ سەرچاوەیەك ساڵەکەمان وەگیر نەکەوت و هەوڵەکانمان بێ ئەنجام بوو، هەرچی سەبارەت بەناوی جەیهانییە ئەوا بە دوو شێوازی جیاواز ناوی هاتووە ئەوەی تێبینی دەکرێت بەناوی ئەبو ئەلقاسم محەمەدی کوڕی ئەحمەدی جەیهانی لەسەر کتێبی ئەشکال ئەلعالەم ناوی براوە ، ئەمە لە کاتێکدا لە نێو زۆرێك لە سەرچاوەی ژیاننامەکان بە ئەبو عەبدوڵلا محەمەدی کوڕی ئەحمەدی جەیهانی ناوی هاتووە، ڕەنگە هۆکاری ئەم جیاوازیی ناو هێنانەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەم ئەبو ئەلقاسم و هەمیش ئەبو عەبدوڵلا نازناوی ناوبراون. جا پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت هەر کاتێك ئەم دوو ناوەمان کەوتە بەر دیدە ئەوا بزانین مەبەست لێی کەسایەتی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی جەیهانییە.

سەبارەت بە ساڵی کۆچی دوایی جەیهانی بەپێی ئاماژەکانی ئیسماعیل پاشا بەغدادی ناوبراو لە ساڵی (٣٣٠ك/ ٩٤١ز) کۆچی دوایی کردووە.

**٢- بنەچەی جەیهانی و گرنگترین ئەندامانی بنەماڵەکەیان:**

سەبارەت بە بنەچەی ئەو وا دیارە بە گوێرەی نازناوەکەی لە بنەماڵەی جەیهانییەکان بووە کە ئەمانە لە زۆربەی سەردەمەکاندا توانیویانە ببنە جێگەی سەرنجی پادشاکان و پلە و پۆستی کارگێڕیی بەرزیان بەدەست هێناوە، ئەوەی ڕوونە بنەماڵەی جەیهانی یەکێکن لە بنەماڵە ناودارەکانی سەردەمی سامانییەکان هەر بەو هۆیەشەوە ساڵەهای ساڵ بەپێی کات و سەردەمەکان چەندان پایە و پلە و پۆستی

كارگێڕی و سیاسییان له‌ناو هێز و ده‌سه‌ڵاتی سامانییه‌كان هه‌بووه‌ (ناجی، ١٣٨٦ هـ.ش، جلد یازدهم، ٥٩٢؛ مصاحب, ١٣٤٥هـ.ش، ٧٨٤-٧٨٥.

سه‌ره‌تاكانی ده‌ركه‌وتنی ئه‌و بنه‌ماڵه‌یه‌ له‌ سیستان بووه‌، یه‌كه‌م دیارترین كه‌سایه‌تییان بریتی بووه‌ له‌ ئه‌بو مه‌نسووری جه‌یهانی كه‌ له‌ كۆتاییه‌كانی سه‌ده‌ی سێیه‌می كۆچی/ نۆیه‌می زایینی كارگوزاری شاری بۆست بووه‌ (مؤلف مجهول، ١٣١٤هـ.ش، ٣٠١؛ خوفی، ١٣٨١، ٣٠٤).

دووه‌م: كه‌سایه‌تی دیاری جه‌یهانییه‌كان كه‌ به‌ناوبانگترینیانه‌ ئه‌بو عه‌بدوڵلا محه‌مه‌دی كوڕی ئه‌حمه‌دی جه‌یهانی بووه‌، كه‌ بێگومان دیارترین زانیاری له‌باره‌ی جه‌یهانییه‌وه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ناوبراو له‌ ساڵی ( ٣٦٥ك/ ٩٧٥ز )و له‌ ته‌مه‌نی پیریدا كاندیدی پۆستی وه‌زاره‌تی نه‌سری كوڕی ئه‌حمه‌دی سامانی بووه‌، ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌ ڕوون ده‌كاته‌وه‌ كه‌ ناوبراو له‌ ده‌وروبه‌ی ئه‌و ساڵانه‌دا ژیاوه‌ (القزويني, ١٩٨٧، ج١، ٤٦؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ج٦، ٦٢٦).

ئه‌بو عه‌بدوڵلا جه‌یهانی كه‌ جیا له‌ پله‌ و پۆسته‌ سیاسییه‌كه‌ی له‌ ناو ده‌وڵه‌تی سامانی، ناوبراو كه‌سایه‌تییه‌كی زیره‌ك و به‌توانای هه‌بووه‌ و له‌ بواری جوگرافیاشدا ده‌ستێكی باڵای هه‌بووه‌، ئه‌وه‌ی جێگه‌ی ئاماژه‌یه‌ كه‌ له‌ ساڵی (٣٠١ك/ ٩١٣ز) دووه‌م فه‌رمانڕه‌وای سامانییه‌كان به‌ناوی ئه‌حمه‌د كوڕی ئیسماعیل (٢٩٧-٣٠١ ك /٩٠٧-٩١٣ ز) كوژراوه‌ و له‌ هه‌مان كاتدا كوڕه‌ بچووكه‌ هه‌شت ساڵیه‌كه‌ی به‌ناوی نه‌صری كوڕی ئه‌حمه‌د ( ٣٠١-٣٣٣ك/ ٩١٣-٩٤٣ز) بووه‌ به‌ جێنشینی باوكی (ابن الاثير, ١٩٩٧, ج٦, ٦٢٥؛ الذهبي, ١٩٨٥ , ج٢, ٤٠؛ ابن العماد الحنبلي, ١٩٨٦ , ج١١, ٥٧٥).

له‌و كاته‌دا ئه‌بو عه‌بدوڵلا محه‌مه‌د كوڕی ئه‌حمه‌دی جه‌یهانی پایه‌ی وه‌زاره‌ت جێنشینی یاخود جێگری پاشای كه‌م ته‌مه‌نی له‌ ئه‌ستۆ گرتووه‌، كه‌ چه‌ندین ساڵ به‌ توانا و زیره‌كی و لێهاتووییه‌كه‌ی خۆی قه‌ڵه‌مڕه‌و و فه‌رمانڕه‌وایی سامانییه‌كانی به‌ڕێوه‌ بردووه‌ ( نرشخی، ١٣١٧هـ.ش ١٢٩؛ المنهاج السراج، ١٣٤٢هـ.ش، ج١ ، ٢٠٨؛ ابن الاثير، ١٩٩٧, ج٦, ٢٦٢).

سێیەم: کەسایەتی سیاسی و ناوداری ئەم بنەماڵەیە محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی ئەحمەدی نەسری جەیهانییە کە کوڕی ئەبو عەبدوڵلا جەیهانییە، کە لە دوای مردنی محەمەد ی کوڕی عوبیدوڵلای بەلعەمی وەزیری میر نەسر کوڕی ئەحمەد میری سامانییەکان گەیشتە دەسەڵات، بەپێی وتەکانی ئیبن ئەلئەسیر لە ڕووداوەکانی ساڵی ٣٣٠ك/ ٩٤٢ز باسی لەوە کردووە کە ئەبو عەلی کەوتە ژێر داڕمانی خانوو و مرد (١٩٩٧، ج٧، ٩٩ ، ١١٧).

بەپێی ئاماژەکانی ئیبن ئەلئەسیر لە ساڵی (٣٣٠ك/٩٤٢ز) ئەبو محەمەد کوڕی محەمەدی جەیهانی دوای چوار ساڵ لە سەروکارکردنی پۆستی وەزارەتی سامانییەکان دەمرێت و جەیهانی چوارەم بەناوی ئەبو عەلی کوڕی محەمەد کوڕی ئەبو عەبدوڵلا، کە ئەبو عەلی جەیهانی کە نەوەی جەیهانی یەکەم بوو پۆستی وەزارەتی مەنسوور کوڕی نوحی سامانی (٣٥٣-٣٨٧ ك/ ٩٦٤-٩٩٧ز) لە ئەستۆ دەگرێت، کاتێك مەنسوور دەمرێت ناوبراو پۆستی وەزارەت و جێنشینی لە ئەستۆدا بووە و تاوەکو (٣٦٧ك/ ٩٧٧ز) دەستی لە کار هەڵگرتووە (یاقوت الحموي، ١٩٩، ج١، ٢٧٤؛ القزويني، ١٣٦٣ ش. هـ، ج٢، ٢٠٧).

ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆرێك لە نووسەران جەیهانی سێیەمیان لەگەڵ جەیهانی یەکەم تێکەڵ کردووە بەتایبەتی لەبارەی ڕووداوەکانی ژیانیان. ئەمەش ڕەنگە لەبەر هۆکاری وێکچوونی ناوەکانیان بێت و هەردووکیشیان هەمان نازناوی جەیهانیان هەیە بۆنموونە: یاقوت ئەلحەمەوی لە دوو شوێندا لە بارەی جەیهانی یەکەم و دووەم و بارودۆخی منداڵەکانی تێکەڵ کردووە ( ج١٧، ١٩٠).

لە هاوچەرخانی عەبدول حەی حەبیب کە لێکۆڵەرەوەی کتێبی تاریخ گەردیزی یە لە ناساندنی بنەماڵەی جەیهانی بە هەڵەداچوونە و کتێبی ئەلمەسالك وەلمەمالیکی جەیهانی یەکەمیان بە بەرهەمی جەیهانی سێیەم ناساندووە ( ١٣٦٣ هـ. ش، ٧).

**٣- ژیانی زانستی و پێگەی کارگێڕی جەیهانی:**

هەروەك ئاماژەمان پێدا ئەبوعەبدوڵلا محەمەدی جەیهانی پشتیوانییەکی زۆری زانا و نووسەران و کەسانی لێهاتووی بواری زانست و زانیاری کردووە کە ئامانجی لەو کارەشیدا پەیداکردنی زانیاری بووە لەبارەی ناوچە و وڵاتان، هەر ئەمەش هۆکارێك بووە کە مەڵبەندەکەی ببێتە لانەی کۆبوونەوەی زاناکان، کە دواجار کاریگەریەکی زۆری کردە سەر کۆبوونەوەی زانست و زانیاریەکی زۆر لەلای ناوبراو، بەتایبەتیش وەرگرتنی زانیاری لەلای ئەو گەشتیارانەی کە سەردانی ئەویان دەکرد، بۆیە توانی لە ڕێگەی بە سەرچاوە گرتنی ئەوانەوە ئەو کتێبە گرنگە بنووسێت کە کاتی خۆی ناوبانگێکی باشی هەبووە، نموونەش بۆ کۆبوونەوەی شاعیران و زاناکان لای جەیهانی ئەوەتا محەمەد عوفی لە کاتی باسکردنی شاعیراندا باسی لە شاعیرێك کردووە بەناوی شێخ ئەبو حەسەن شەهید بەلخی کە گوایە ناوبراو لە شیعرەکانیدا گلەیی لە میری ئەوکاتەی سامانی کردووە بەوەی ئاگای لە حاڵ و باری ئەوان بڕاوە و ئاگاداریان نابێت وەك جاران بۆیە ئەو گلەییانەی لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە بە جەیهانی گەیاندووە تاکو باسوخواسی ئەوان بە میر نەسر بگەیەنێت ( ١٣٦٩، ٤٩٠- ٤٩١) ، هەرچی سەبارەت بەوەی کە گوایە کتێبی جەیهانی هەمان کتێبی مەسالیك و مەمالیکی ئیبن خوردازیبە، ئەوا وادەردەکەوێت کە جەیهانی سوودی لە کتێبی مەسالیك و مەمالیك بینیوە، بەوپێیەش کتێبەکەی جەیهانی درەنگتر نووسراوە.

ئەوەی ڕوونە ئیبن نەدیم ئاماژەی بەوە داوە کە بەدەر لە کتێبی ئەشکال ئەلعالەم  کە بە مەسالیك وەلمەمالیك ناوی بردووە، جەیهانی کۆمەڵێك بەرهەمی دیکەشی هەبووە لەوانە: ( العهود للخلفاء والامراء، الزيادات، ايين في المقالات ، کتێبی رسائل) ( ١٩٩٧، ١٧٠ ؛ ابن العديم, ١٩٥١, ج٢, ٥٦؛ الصفدي، ٢٠٠٠، ج٨، ٣٦؛ مدرس تبريزي، ١٣٧٤، ٤٤٨ ).

ئەو بەدەر لە پۆستی کارگێڕی ئەو لەبواری فەلسەفە و ئەدەب و خۆگونجاندن و ئەستێرەناسیدا دەستێکی باڵای هەبووە (المقدسي، ١٩٩١،  ٣،٤)، تەنانەت ئیبن ئەلعەدیم بە (اديبا فاضلا) ناوی بردووە ( ١٩٥٨، ج٢، ٣٦)، هەروەها وەك کەسێکی

زیرەك و ژیر و خاوەن بیرو بۆچوونی باش وەسف کراوە ( المنهاج السراج، ١٣٤٢هـ. ش، ج١، ٢٠٨). لەلایەکی دیکەشەوە ئیبن فەزلان لە ساڵی ٣٠٩ك/ ٩٢١ز لە شاری بوخارا چاوی بە جەیهانی کەوتووە، و باسی لە ڕۆڵی نابراو کردووە، بەوەی کە کاتێك ئەو چاوی بە ئەو کەوتووە، ناوبراو نووسەری میری خوراسان بووە، کە لەوێدا بە شێخ ئەلعەمید ناوبانگی دەرکردبوو، هاوکات باسی لەوە کردووە کە جەیهانی خانوویەکی بۆ دابین کردوون تا تێیدا بمێننەوە و بحەسێنەوە، لەگەڵ ئەوەی کەسێکیشی بۆ تەرخان کردوون تا پێداویستییەکانیان بۆ ئامادە بکات، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە ماوەی چەندین ڕۆژ لەوێدا ماونەتەوە و دواتر جەیهانی مۆڵەتی بینینی پاشای سامانییەکان نەسری کوڕی ئەحمەدی بۆ وەرگرتوون، هەروەك باسی لەوە کردووە کە چوونەتە خزمەتی میر، ئەو میرێکی تەمەن بچووك بووە، کەواتە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە میر تەمەنی بچووك بووبێت کەواتە جەیهانی دەست کراوەتر بووە لە ڕووی بڕیاردان و سەربەستتر بووە ( ابن فضلان، ٢٠٠٣، ٦٢، ١٢٤).

لە لایەکی دیکەشەوە نرشەخی لە کتێبی تاریخ بخارادا گوتوویەتی: (( کە ڕۆژی یەکشەمە لەسەر دووشەمە کوڕەکەی میر نوح بەناوی ڕەشید ئەبولقاسم هاتە سەر تەختی پاشایەتی و بەیعەتیان پێدا، ئەبو عەبدوڵلا کرا بە وەزیر بەڵام لەبەر زۆریی تەمەنی پۆزشی خواست و داواکەیانی ڕەت کردەوە، دوای دوو سێ ڕۆژ ئەمیر محەمەد کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عەزیز کرا بە وەزیر)) ( ١٣١٧ هـ. ش، ١١٧).

وادیارە هەر لەو کاتەی ئەم پێگە کارگێڕیەی وەرگرتووە ، سەرەتای دەستبەکاربوونی بە یەکسانی و سیاسەتێکی حەکیمانەی پەیڕەو کردووە، دەستی کرد بە ڕێکخستنی کارەکانی میر بە سیستەمێکی باش و بەویژدانانە، بەهۆی کەم تەمەنیی میری سامانییەکانەوە (المنهاج السراج، ١٣٤٢هـ.ش، ج١، ٢٠٨).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە جەیهانی دوو پۆستی کارگێڕی هەبووە یەکێکیان وەك ئیبن فەزلان باسی لێوە کردووە پۆستی نووسەری میری بوخارای هەبووە و

لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە ڕوون کرایەوە کە ناوبراو پۆستی وەزیری میر محەمەدی کوڕی نەسری سامانی هەبووە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی جەیهانی لەگەڵ مێژوونووس ئەلبەلخی:

ئەلبەلخی یەکێك بووە لە زانا بەناوبانگەکان، خەڵکی یەکێك لە لادێیەکانی نزیك شاری بەڵخە، ئەو کەسێکی زیرەك و لێهاتوو بووە و دەستێکی باڵای لە زۆربەی زانستەکان هەبووە، بەتایبەت لە ژێر کاریگەری زانا ئەلکندی (١٨٥-٢٥٦ ك/٨٠٥-٨٧٣ ز) بووە، وەك ئەوەی بەڵخی خۆی ئاماژەی بەوە داوە کە پەیوەندییەکی پتەو و دۆستانەی لەگەڵ جەیهانیدا هەبووە، بەڵام کاتێك داوایەکی جەیهانی ڕەت دەکاتەوە، بەوەی کە ئەو داوەتی بەڵخی کردووە کە بێت بۆ شاری بوخارا و لەوێ نیشتەجێ ببێت، بەڵام بەلخی داوەکەی ناوبراوی ڕەت کردۆتەوە بۆیە پەیوەندییەکەیان تێکچووە و لە یەکتر دابڕاون. (کراتشکوفسکی، ١٩٥٨، ج١، ١٩٨ ).

**٣,١ میتۆدی جەیهانی لە نووسینی کتێبی ئەشکال ئەلعالەم:**

**١- ڕەخنە و ناساندنی کتێب:**

دانەری کتێب کە بە ئەبو لقاسم و هەروەها بە ئەبو عەبدوڵڵاش ناوی هاتووە و محەمەد کوڕی ئەحمەدی کوڕی نەسری جەیهانییە، وەرگێڕی کتێب عەلی کوڕی عەبدولسەلامی کاتبە و پێشەکی و تەعلیقات فەیرووز – فەیرووزی مەنسووری.

بێگومان ئەوەی جێگەی تێبینییە ناوی ئەم کتێبە بە دوو جۆر هاتووە هەندێك وەك ئەشکال ئەلعالەم دەیناسێن و هەندێکیش بە کتێبی ئەلمەسالیك وەلمەمالیك ناویان بردووە ( البيروني, ١٩٨٢، ١٧٧؛ القزويني, ١٩٨٧، ج١، ٤٦؛ گرديزی، ١٣٦٣ هـ. ش، ٧؛ ابن النديم، ١٩٩٧، ١٧٠ ).

ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە زۆرێك لەو کتێبانەی کە لەلایەن گەڕیدەکانەوە نووسراوە بە کتێبی مەسالیك و مەمالیك ناویان بردراوە.

ئەم کتێبە بەدەر لەوەی کە جوگرافیای وەسفی بەسەریدا زاڵە، بەتایبەت لەوەی کە باسی هەر هەرێمێکی کردبێت سەرەتا هاتووە کەمێك زانیاری دەربارەی

هه‌ڵكه‌وته‌ی جوگرافیای هه‌رێمه‌كه‌ خستۆته‌ ڕوو پاشان هاتووه‌ شاره‌كانی ناو هه‌رێمه‌كه‌ی دیاری كردووه‌ و دوای ئه‌مه‌ش هاتووه‌ هه‌ندێك له‌ شاره‌كانی هه‌رێمه‌كه‌ی باس كردووه‌ ڕه‌نگه‌ ئه‌مه‌ ڕه‌خنه‌یه‌ك بێت لێی كه‌ بۆچی هه‌ندێك له‌ شاره‌كانی ناو ئه‌و هه‌رێمانه‌ی پشتگوێ خستووه‌ و هه‌ندێكیشی خستۆته‌ ڕوو كه‌ ڕه‌نگه‌ هه‌ندێك له‌ شاره‌كان به‌رچاوتر بووبن تا ئه‌و شارانه‌ی ئه‌و باسی لێوه‌ كردوون، هه‌روه‌ها له‌ باسی شاره‌كاندا وه‌سفی شاره‌كه‌ی كردووه‌ و هه‌ڵكه‌وته‌ی جوگرافیایانی دیاری كردووه‌ بۆ نموونه‌ پێوانه‌ی فه‌رسه‌خ ( ٤٦، ٥٠، ٧٣، ...) و مه‌نزل ( ٤٧، ٥٣، ٦٨، ٧١ ...) و میل ( ٤٤، ٤٦، ٧٠ ...) مرحله‌ ( ٤٦، ٥٢، ٩٨...) و روز را (٦٢، ٦٦، ١٣٥..) و مرحله‌ ( ٤٦، ٢١٨ ، ٣١١...)و گه‌ز ( ٧١، ٢٣٥...)، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا وه‌كو فه‌رهه‌نگێك ده‌رده‌كه‌وێت چونكه‌ به‌ده‌ر له‌ ڕوونكردنه‌وه‌ی هه‌ڵكه‌وته‌ی جوگرافی ناوه‌كان و ماوه‌ و دووریی نێوانیان هه‌وڵی داوه‌ زانیاری له‌باره‌ی مێژووی ناوچه‌كان و ( ٥٧، ٥٩، ٦٦.....) باسكردنی كه‌سایه‌تییه‌ دیاره‌كانی ناوچه‌كه‌ به‌تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی گۆڕ و گڵكۆیان له‌ ناوچه‌كاندا هه‌یه‌ ورده‌كاریه‌ك له‌باره‌ی ڕووداوه‌ مێژووییه‌كانی به‌شێك له‌ شاره‌كانی خستۆته‌ ڕوو، به‌تایبه‌ت وه‌ك شه‌ڕی نه‌هاوه‌ند و سه‌فه‌ین و هه‌روه‌ها له‌ باسی شاری لوسین له‌ وڵاتی میسر باسی له‌وه‌ كردووه‌ كه‌ دواین خه‌لیفه‌ی ئومه‌وییه‌كان له‌و شاره‌دا كوژراوه‌ (٧٣)، بێجگه‌ له‌مانه‌ش باسی زۆر بابه‌تی لایه‌نی داب و نه‌ریتی ناوچه‌ و شاره‌كانی كردووه‌ به‌وه‌ی كه‌ خه‌ڵكی ئه‌م ناوچه‌یه‌ میوان دۆستن و ڕێزدارن و یان ره‌زیلن و هتد... ته‌نانه‌ت چۆته‌ نێو هه‌ندێك ورده‌كاریه‌وه‌ كه‌ ڕه‌نگی پێستی به‌شێك له‌ خه‌ڵكی ناوچه‌كانی باس كردووه‌، له‌ هه‌ندێك شوێنی كتێبه‌كه‌ی باسی زمانی به‌كارهێنراوی ناوچه‌كانی كردووه‌، له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه‌ وه‌كو به‌ڵگه‌یه‌ك بۆ قسه‌كانی ئایه‌ته‌كانی سوره‌تی (الاعراف و الشعراء و المؤمنون) ی به‌كارهێناوه‌، هه‌رچی ده‌رباره‌ی سه‌رچاوه‌كانی زانیارییه‌ ئه‌وه‌ بۆ ئه‌و شوێنانه‌ی كه‌ خۆی گه‌شتی بۆ كردووه‌ وتوویه‌تی بینیومه‌ (٤٧) هه‌روه‌ها له‌باسی حیجازدا باسی له‌وه‌ كردووه‌ كه‌ سه‌ره‌تا چۆته‌ ئه‌و شوێنه‌ ئاویان نه‌بووه‌ به‌ڵام له‌ سه‌روبه‌ندی گه‌ڕانه‌وه‌ی له‌ گه‌شته‌كه‌ی ئاو بۆ ئه‌و

شوێنه هێنراوه ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خۆی ئەو شوێنەی بینیوە (١٤٠)، یاخود لە هەندێك شوێندا نووسیویەتی دانەر بیستوویەتی یان گوتوویانە ( ٥٧، ٥٩، ٦٦،...)، هەروەها لە هەندێك بابەتی کتێبەکەدا باسی لە ئاژەڵەکان کردووە کە کامە ناوچە چ جۆرە ئاژەڵێکیان زۆرە بۆنموونە لە باسی میسر باسی دۆلفینی کردووە (٧٢)، بەدەر لەمانەش باسی گوڵ و دار و درەخت و تەنانەت شتە سەیر و سەمەرەکانیشی باس کردووە.

دیارە ئەگەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری کتێبەکە بکەیت ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە ساڵی دەستپێکی نووسینی کتێبەکەی دیاری نەکردووە، لە هەندێك شوێن کە زانیاری نووسیوە ناوی سەرچاوەکەی نەبردووە، هەروەها جیاوازی لە نێوان بەشەکانی کتێبەکەی بەدی دەکرێت بۆ نموونە هەندێك بەشی بەتایبەت وەك وڵاتی فارسی زۆر بە تێرو تەسەلی باس کردووە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە کە کەمتر پەرژاوەتە سەریان و لە دووتوێی کتێبەکەی جێگەی کردوونەتەوە.

**٢- گرنگیی کتێبەکەی:**

دەبێت باس لەوە بکرێت کە بەشێکی زۆری سەرچاوەکان پشتیان بە کتێبی ئەشکال ئەلعالەم بەستووە و کەم سەرچاوەی ڕەسەن هەیە باسی ئەشکال ئەلعالەمی نەکردبێت، بێگومان ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە کتێبەکە جێگەی سەرنج بووە و گرنگییەکی تایبەتی هەبووە, بۆیە زۆرێك لە نووسەرانی بواری جوگرافیا و گەڕیدەکان بەتایبەتی پشتیان بە کتێبەکەی بەستووە, لەگەڵ بوونی ئەو گرنگیەی کتێبی ئەشکال ئەلعالەمدا, بەڵام ئەوەی جێگەی داخە دانە دەستنووسە ڕەسەنەکەی ئەم کتێبە لە ناوچووە و ئەوانەی دواتریش گۆڕانکاری زۆریان تێدا کراوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان بە چاوێکی پڕ بایەخەوە لەم کتێبەیان ڕوانیوە و هەوڵیان داوە بگەنە ئەنجامێك دەربارەی کتێبەکە بەڵام هەوڵەکانیان بێ دەسکەوت بووە، بەڵام کراتشکۆفسکی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی لە کتێبەکەی خۆی و بەشی جوگرافی نووسەکانی سەدەی دەیەمی زاییی بە جەیهانی دەستی پێکردووە و

گرنگیی کتێبەکەی لەبەر چاو گرتووە و پێیدا هەڵداوە، (١٩٥٧، ج١، ٢١٩) لەوانەش:

١- (ئیبن فەزلان)یش (٣١٠ك/ ٩٢٢ز) : سودی لە کتێبی جەیهانی بینیوە و بەکاری هێناوە (٢٠٠٣، ٤٦، ١٢٤).

٢- المسعودی(٣٤٦ك/ ٩٥٧ز): لە کتێبی (التنبیه والاشراف) باسی لە کتێبی جەیهانی کردووە بەوەی کە سوودی لە کتێبی جەیهانی بینیوە، کاتێك دەڵێت: (( ئەبو عەبدوڵلا محەمەد کوڕی ئەحمەدی جەیهانی وەزیری نەسری کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیل کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەسەد خاوەنی خوراسان بووە، کتێبێکی داناوە کە تیایدا باسی هەواڵی دونیا و سەیرو سەمەرەکانی شار و ناوچەکانی کردووە، هەروەها باسی شار و دەریا و زێیەکان و میللەتان و شوێنی نیشتەجێبوونیان و هاوکات هەواڵە سەرسوڕهێنەرەکان و چیرۆکە ناوازەکانی تێدایە)) ((وکذلك ابو عبدالله محمد بن احمد الجیهاني وزیر نصر بن احمد بن إسماعیل بن احمد بن أسد صاحب خراسان، ألف کتابا في صفة العالم وأخباره وما فیه من العجائب والمدن والأمصار والبحار والأنهار والأمم ومساکنهم وغیر ذلك من الاخبار العجیبة والقصص الظریفة، )) (١٩٣٨، ٦٥).

٣- ئیبن ئەلفەقیھ (٣٦٥ك/ ٩٧٥ز): وەك ئەوەی ئیبن نەدیم ئاماژەی بۆ داوە گوایە ئیبن ئەلفەقیھ بەتەواوی کتێبەکەی جەیهانی لەبەر گرتۆتەوە و بەناوی ئەلمەسالیك وەلمەمالیك، ئەگەرچی ڕەنگە وێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئەم دوو کتێبەدا هەبێت بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئیبن فەقیھ کتێبەکەی لەبەر گرتبێتەوە بێ هیچ زیادکردنێك تایبەت لە هەندێك باسوخواسدا لە یەك جیاوازن تەنانەت ئەو لە چەند شوێنێك لە کتێبەکەی ناوی جەیهانی بردووە وەك (قال في کتاب المسالك والممالك) (١٩٩٦، ١٥٨).

٤- ئیبن حەوقەل: ( ٣٦٧ك/ ٩٧٧ز): لە کتێبی صورەت ئەلئەرز باسی لە گرنگیی کتێبی جەیهانی کردووە بەوە کە ناوبراو زۆر حەزی بۆ زانست و فێر بوون

هەبووە بۆیە لە هیچ کاتێکدا نەیتوانیوە کە کتێبی ابن خرداذبە و جەیهانی و قدامە بن جعفر لە خۆی دووربخاتەوە ( ١٩٣٨، ٣٢٩).

٥- ئەلمەقدیسی ( ٣٨٠ك/ ٩٩٠ز) : باسی گرنگیی کتێبی ئەشکال ئەلعالەمی کردووە، هاوکات ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا جەیهانی وەك یەکێك لە زانا پێشەنگەکانی بواری جوگرافیا وەسف کردووە (١٩٩٧، ٤), هەروەك ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: ((ورأيت كتابه في سبع مجلدات في خزائن عضد الدولة غير مترجم وقيل بل هو لابن خرداذبه (جرداذبه ورأيت مختصرين بنيسابور مترجمين أحدهما للجيهانى والآخر لابن خرداذبه. يتفق معانيهما غير ان الجيهانى قد زاد شيئا يسيرا)), کە من کتێبی جەیهانیم لە حەوت بەرگدا لە کتێبخانەی عز ئەلدەولەی دەیلەمیدا بینیوە، بەڵام ناوی نووسەری لەسەر نەبووە، هەندێك وتوویانە کە ئەمە بەرهەمی ئیبن خوردازیبەیە[1]، بەڵام دواتر دوو کورتکراوەی ئەم کتێبەم بە وەرگێڕدراوی بینیوە لە نیشابور یەکێکیان بەناوی جەیهانی بوو ئەوەی دیکەش هی ئیبن خوردازیبە بوو ( ٥). لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەیر بکەین بەو شێوەیە دووبارەی دەکاتەوە کە کتێبەکەی جەیهانی لەسەر کتێبی ئیبن خوردازیبە بنیاد نراوەتەوە : ((الا ترى انك إذا نظرت في كتاب الجيهانى وجدته قد احتوى على جميع أصل ابن خرداذبه وبناه عليه)) (٢٤١)، ئەگەر سەیرێکی کتێبەکەی جەیهانی بکەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەبینیت لەسەر کتێبەکەی ئیبن خوردازیبە بنیاد نراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کتێبی گەڕیدەکان هاوشێوەی یەکترن ڕەنگە لەبەر نزیکیی ئەم دوو کتێبە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە مەقدیسی ئەم بۆچوونەی هەبووبێت کەچی ئەمە بارێکی ئاسایی بووە چونکە بۆ زۆرینەی کتێبە گەشتنامەکان ئەمە ڕاستە لە حاڵێکدا زۆربەیان سوودیان لە یەکتری وەرگرتووە و زانیارییەکانی یەکیان بەکارهێناوەتەوە، بەدەر لەمەش مەسعودی بەر لە مەقدیسی هەردوو کتێبی بەکارهێناوە جا ئەگەر حاڵەتێکی وای بەدی بکردایە چۆن ئەو باسی نەدەکرد و درکی پێنەدەکرد، هەروەك چۆن لە بابەتی مەسعودی ئاماژەمان پێدا، بەدەر لەمەش ڕەنگە هۆکارێکی دیکەی ناوزەندی کردنی کتێبە نا عەرەبەکان بەو شێوەیە و هەوڵدان بۆ ئەوەی بیاندەنە پاڵ نووسەرە عەرەبەکان ڕەنگە تەوژمێکی

نەتەوەیی بێت بۆ ئەوەی نەتەوە غەیرە عەرەبەكان كە بەشدارییان كردووە لە بنیادنانی شارستانیەتی ئیسلامی عەرەبەكان لە هەوڵی ئەوەدابن كە شوناسیان بسڕنەوە و بەرهەمی غەیرە عەرەبەكان بەناوی نووسەرە عەرەبەكانەوە دەربخەن بۆ ئەوەی شارستانیەتی ئیسلامی وەك شارستانیەتێكی عەرەبی بناسێنن.

هەروەها مەقدیسی بەو شێوەیە وەسف و باسی جەیهانی كردووە (أما ابو عبدالله الجيهاني فإنه كان وزير أمير خراسان وكان صاحب فلسفة ونجوم وهيئة فجمع الغرباء وسألهم عن الممالك ودخلها وكيف المسالك اليها وارتفاع الخنس منها وقيام الظل فيها ليتوصل بذلك الى فتوح البلدان ويعرف دخلها ويستقيم له علم النجوم. ودوران الفلك ألا ترى كيف جعل العالم سبعة أقاليم وجعل لكل إقليم كوكبا مرة يذكر النجوم والهندسة ومرة يورد ما ليس للعوام فيه فائدة وتارة ينعت أصنام الهند وطورا يصف عجائب السند وحينا يفصل الخراج والرد ورايته ذكر منازل مجهولة ومراحل مهجورة ولم يفصل الكور ولا رتب الأجناد ولا وصف المدن ولا استوعب ذكرها بل ذكر الطرق شرقا وغربا وشمالا وجنوبا مع شرح ما فيها من السهول والجبال والاودية والتلال والمشاجر والأنهار وبذلك طال كتابه وغفل عن أكثر طرق الأجناد ووصف المدائن الجياد) (٣-٤), ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە جەیهانی كەسە نەناسراوەكان و بێگانەكانی لەدەوری خۆی كۆدەكردەوە بۆ ئەوەی هەواڵی ناوچەكان بزانێت، هەروەها چۆن بگات بە ڕێگاكانیان كە بەمەشەوە بتوانێت بگات بە كرانەوەی ناوچەكان بە ڕوویدا، لە ڕێگەی زانستی ئەستێرەناسیەوە و چۆنیەتی سووڕانەوەی فەلەك و چۆنیەتی كردنی بە حەوت هەرێم و كە هەریەكێك لەمانە كۆمەڵێك لە ئەستێرە و ئەندازەی هەیە، هتد.......

٥- ئەبو رەیحانی بەیرۆنی: بەهەمان شێوە سوودی زۆری لە كتێبەكەی جەیهانی بینیوە. (كما ذكر في كتاب الجيهاني) (١٣٨٤ هـ. ش، ٤١١، ٤٢٢، ٤٢٩).

٦- (ئەلئیدریسی)ش ( ٥٦٠ك/ ١١٩٤ز): لە چەند شوێنێك ناوی جەیهانی بردووە بەڵام ئەو ناوەكەی بە ئەبو سەعیدی جەیهانی بردووە كە هەمان ئەبو

عەبدوڵڵای جەیهانییە، کەچی لە ناوهێنانیدا کەوتۆتە هەڵەوە (١٩٨٨، ج٢، ٥، ٧٦، ٩٣٤، ٩٦١).

٧- (ئیبن ئەلعەدیم)یش (٦٦٠ك/ ١٢٩١ز) : بەهەمان شێوە سوودی زۆری لە کتێبەکەی جەیهانی بینیوە بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی کتێبەکەی بکات تەنها باسی لەوە کردووە : (وقال أبو عبدالله محمد بن أحمد الجيهاني) ( ١٩٨٨، ج١، ٣٤٨، ٣٥٨، ٣٩٧).

**٣- دابەشکاریی کتێبەکەی:**

ئەگەر بێیت و سەیری کتێبەکە بکەیت و سەروکاری بکەیت ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە جیا لە جوگرافیناسەکانی دیکە دابەشکاری کردووە، ئەوەی ڕوونە ئەم کتێبە دابەش کراوە بەسەر کۆمەڵێك هەرێمدا و هەر لە سەرەتاوە سنووری هەرێمەکەی دیاری کردووە و بەدوای ئەمەشدا باسی ئەو کۆمەڵە شار و ناوچەیەی کە خستوونیەتە سەر هەرێمەکە کردووە، یەکەم هەرێم کە باسی کردووە وەکو دەستپێکێك بۆ کتێبەکەی ناوی ناوە دیار عرب، دووەم هەرێمیش هەرێمی دیار فارسە، هەرێمی سێیەمیش دیار مەغریبە کە باسی ناوچەکانی قەراغی ڕووباری دەریای سپی ناوەڕاستی کردووە و تاوەکو ناوچەکانی ئەفریقیا و بەدوای ئەمەشدا لە هەرێمی چوارەم ناوچەکانی میسر و شارەکانی خستۆتە ڕوو و لە هەرێمی پێنجەمیشدا وڵاتی شام و ناوچەکانی سەر بەو وڵاتەی دیاری کردووە و لە هەرێمی شەشەمیشدا ناوچەکانی دەریای ڕۆم کە مەبەستی دەیاری سپی ناوەڕاستە باس کردووە و لە هەرێمی حەوتەمیشدا باسی هەرێمی جەزیرەی کردووە کە زۆربەی شارە کوردیەکانی خستۆتە سەر ئەو هەرێمە و لە هەرێمی هەشتەمیشدا باسی عێراقی عەرەبی کردووە و بەشێك لە شارە کوردیەکانی لێرەدا خستۆتە ڕوو و لە هەرێمی نۆیەمدا باسی خوزستانی کردووە و لە دەیەمیشدا باسی هەرێمی فارس و شارەکانی کردووە و بەڵام زۆر بە تێروتەسەلتر باسی ئەو هەرێمەی کردووە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە چونکە شارەزای ئەو ناوچانە بووە و تێیدا ژیاوە، هەرێمی یازدەهەم

ناوچەی کرمان و شارەکانی باس کردووە و لە دوازدەهەم هەرێمدا باسی لە ناوچەکانی سند و ئەو شارانەی پێوەی بەستراونەتەوە کردووە، بەدوای ئەمەشدا لە هەرێمی سێزدەهەم باسی ئەرمینیا و ئاران و ئازەربایجانی کردووە و لە چواردەهەمدا باسی کوهستان یاخود چیاکانی کردووە و لە پازدەهەمدا باسی دیلمان و ئەو ناوچانەی سەر بە ئەون باس کردووە و لە شازدەهەمدا باسی دەریای خەزەر و ناوچەکانی کردووە و لە حەڤدەهەمدا باسی ناوچەکانی فارس و خوراسان و ناوچەکانیانی کردووە، لە هەژدەهەمدا ناوچەکانی سیستانی خستۆتە ڕوو و لە نۆزدەهەمدا جارێکی دیکە باسی خوراسان و ناوچەکانیانی کردۆتەوە، لە بیستەمدا ناوچەکانی ئەودیو ڕووباری باس کردووە.

**٤- هۆکاری نووسینی کتێبەکە:**

وادیارە نووسەر خۆی هیچ خاڵێکی دیاری نەکردووە سەبارەت بە هۆکاری نووسینی کتێبەکەی بەڵام وەك ئەوەی مەسعودی و مەقدیسیش ئاماژەیان پێداوە کە لە پێشوودا خرایە ڕوو ڕەنگە حەزی نووسەر بووبێت بۆ زانین و ئاشنابوون بە ناوچەکانی دەوروبەر مادام ئەو کەسانی نەناسراوی لەلای خۆی کۆکردبێتەوە بۆ ئەوەی زانستیان لێوە فێر بێت و قسە و باسیان لێ بپرسێت دیارە ئامانجی لەوەدا کۆکردنەوەی زانیاری بووە کە دواجار نووسینی ئەم بەرهەمەی لێکەوتۆتەوە, هەروەك کارل بروکلمان باسی لەوە کردووە کە لە دەوری سامانییەکان زانستی جوگرافیا گەیشتبووە لووتکە و ئەنجومەنێکی زانایان و ئەدیبانیان هەبووە، و لە ساڵانی ٣٠١-٣١٠ك/ ٩١٢-٩٢٢ز) یەکێك لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەش جەیهانی بووە، (فرای، ١٣٧٥هـ. ش، ٢١٩)، بەوپێیەش جەیهانی وەزیری سامانییەکان بوو لە (٢٧٩-٢٩٩ك/ ٨٩٢-٩٠٧ز) وایکرد کتێبێك لەسەر دراوسێکانی سامانییەکان بنووسێت کە سەرچاوەی کارگوزارانی دارایی دەوڵەت بوو و ئەم کتێبەش ئێستا لەناوچووە و نەماوە (١٣٤٥ ش. هـ، ١٦٤-١٦٥) و ئەو کتێبەش بووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ زۆرێك

لە جوگرافیناسانی دوای خۆی لە بارەی رۆژهەڵاتی ئیسلامی (فرای، ١٣٧٥هـ. ش، ٢١٩).

**٣,١ هەرێم و شارە کوردیەکان:**

**١- هەرێمی جەزیرە:**

جەیهانی کاتێك باسی لە هەرێمی جەزیرە کردووە وا وەسفی ئەو جێگایە دەکات بەوەی کە عەرەبەکان بەو جێگایەیان وتووە جەزیرە کە کەوتۆتە نێوان رووباری دیجلە و فورات، بە تایبەت خۆی لە دیار ربیعە و دیار مزردا دەبینێتەوە.

بێگومان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە سەرەتاوە ڕووباری فوراتی لێ هەڵدەقوڵێت کە شارە ڕۆمانییەکان دەگرێتەوە کە لە مەڵاتیەوە دەست پێدەکات و دواتر درێژ دەبێتەوە بۆ بالس و بارقین و قرقیسیا و رحبە و هیت و ئەنبار و تاوەکو سنووری فورات لە جەزیرە, لەوێشەوە درێژ دەبێتەوە بۆ باکوور بەرەو ناوچەکانی تکریت و شاخەکان و لقەکانی دیجلە سنووری ڕووباری فوراتیش لە نزیك جەزیرە بۆ مووسڵ و جەزیرەی ئیبن عومەر دەڕوات تاوەکو ئامەد و دیجلەش تاوەکو سنووری ئەرمینیا دەڕوات ( الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ٩٢).

**لە گرنگترین ئەو شارانەی لەسەر هەرێمی جەزیرە دیاری کردوون بریتین لە:**

**١- شاری نەسێبین:**

نەسێبین یەکێکە لە خۆشترین شارەکانی هەرێمی جەزیرە (الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش، ٩٢)، هەروەها ئەم شارە کەوتۆتە سەرە ڕێگای شاری موصڵ (ابن عبدالحق،١٩٩١, ج٣, ١٧٨٤) ، ناوچەیەکی بەرفراوان و پڕ سەوزاییە (الیعقوبي, ٢٠٠١، ٩٥؛ الجیهاني, ١٣٦٨هـ. ش ،٩٢) و ئاوی زۆرە و سەرچاوەی ئاوەکەشی لە ناوچەی چیاکانە و ناوچەیەکە پێیدەوترێت (نالوسا)[٢] کە جوانترین شوێنی نەسێبینە (ابن خرداذبە، ١٩٨٩، ٩٥)، لەوێوە ئاوەکەی دابەش دەبێت بەسەر بێستان و زەوییە کشتوکاڵیەکانیدا. (الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ٩٢؛ ابن حوقل، ١٩٣٨، ٢١١)، سەرچاوەی ئاوی نەسێبین پێیدەوترێت ڕووباری هورماس (الشابشتی، ١٩٦٦، ١٩١).

لەو ناوچەیەدا دێرێکی گەورەی نەسرانییەکان هەیە ، هاوکات ئەو دێرە بە دێری زەعفەران ناوی هاتووە لەبەر ئەوەی لەو ناوچەیەدا ڕێژەیەکی زۆری زەعفەران ڕوێندراوە (الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش،٩٢ ؛ یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ج٣، ٥١١) و لەگەڵ قەڵایەك کە شوورای بە دەور دروستکراوە لە ناوچەی ترسایان، هەروەها دووپشکی بکوژی لێیە (الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش، ؛ ابن الفقیه، ١٩٩١، ٤٨٢).

هەروەها لە نزیك ئەو شوێنەشدا چیای هارونیە[٣] هەیە کە بەرزیەکەی فەرسەخێکە لە سەر ڕووی دەریاوە، لەلای ئەو قەڵایەوە هیچ کەسێك ناتوانێت لەگەڵیدا بجەنگێت بەهۆی بەهێزیەکەیەوە، هەروەها لەو چیایەدا بەردی بەنرخی زۆری تێدایە (مجهول، ٢٠٠٢، ١٦٢؛ الجیهاني, ١٣٦٨هـ. ش ، ٩٢) .

**٢- شاری مووسڵ:**

کەوتۆتە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و ئاووهەوایەکی باشی هەبووە، جگە لە دیجلە هیچ سەرچاوەی ئاوی دیکەی نییە، سەرچاوەی ئاودانی ڕواندنی دارەکانیان کەمە، هەروەها ڕواندنی دار و درەختیان کەمە، تەنها ئەو ناوچانە نەبێت کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە (الجیهاني, ١٣٦٨هـ. ش، ٩٢) وا دیارە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەو شارە لە سەردەمی ئیسلامیدا پێی وتراوە نەینەوا (الانصاري , ١٤٠؛ابو فداء، ١٩٦٠,  ٢٨٥؛ یاقوت الحموي, ١٩٩٥, ج٥, ٢٢٣).

بەشێکی دیکەی زەویەکانیشیان پشتیان بە ئاوی ئاسمان بەستووە واتە بۆ ئاودێریکردنی زەویەکانیان زیاتر پشتیان بە ئاوی باران بەستووە (الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش، ٩٢)، لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئاوی زابی نەکردووە کە لە بەشی ڕۆژئاوای شاری مووسڵ دەڕژێتەوە نێو دیجلە، هاوکات باسی لەوە کردووە کە میوەجاتیان لە ناوچەکانی دیکەوە بۆ دێت (الجیهانی, ١٣٦٨هـ.ش، ٩٢)  کەواتە لەو سەردەمەدا بازرگانی کراوە، زۆربەی بیناکانی ئەو شارە لە بەرد و گەچ دروستکراون (الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش،٩٢)، لەم بارەیەوە یاقوت ئاماژەی بەوەداوە کە زۆر کەم خەڵکی مووسڵ

داریان بەکارهێناوە بۆ بنمیچی خانووەکانیان بگرە زیاتر پشتیان بە جۆرە بەردێك بەستووە کە بە (رخام) ناوی بردووە (١٩٩٥، ج٥، ٢٢٣)، و لەڕووی داب و نەریتەوە خەڵکی شارەکە کەسانی باش و دەوڵەمەند و خودا پێداون (الجیهاني, ١٣٦٨هـ. ش ، ٩٢ ؛ القزويني، ٢٠٠١, ٤٦١).

**٣- شاری بەلەد:**

ناوی ئەم شارە لە سەردەمی فارسەکاندا بە شەهرئاباد هاتووە، دەکەوێتە باکووری شاری مووسڵ و لە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەیە (یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ج١, ٤٨٥) بە دەر لە ڕووباری دیجلە سەرچاوەیەکی دیکەی ئاو خواردنەوە بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە هەبووە کە بەردەوام پشتیان پێ بەستووە بۆ کاری ڕۆژانەیان (الهروي, ٢٠٠٢،٦٢؛ الادریسی، ١٩٨٨، ج٢،٦٦٠) ، ئەگەرچی زۆرێك لە سەرچاوەکان باسی کوردبوونی ئەم شارە ناکەن بەڵام گومانی تێدا نییە بەهۆی ئەوەی شارێکی هەرێمی جەزیرەیە و ئەو هەرێمەش هەرێمێکی کوردیە لەبەر ئەوە ئەم شارەش لە نێوەندی شارە کوردیەکانی هەرێمی جەزیرە هەژمار دەکرێت، شارەکە شارێکی بچووکە و لە بەشی ڕۆژاوای کەناری ڕووباری دیجلەدا هەڵکەوتووە، بەتەواوی لە ڕووی ئاودێری و ڕواندنی دار و درەخت و کشتوکاڵ و دروستکردنی بیناکانیشیان پشتیان بە ئاوی دیجلە بەستووە (الجیهاني, ١٣٦٨هـ. ش، ٩٢؛ ابو فداء، ١٩٦٠، ٣٣٦).

**٤- سنجار:**

ئەم شارە لە لایەن سنجاری کوڕی مالکی کوڕی زەعرەوە بنیادنراوە (الهروی، ٢٠٠٢، ٦٠ ؛ یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ج٣، ٢٦٢) ئەو شارە کەوتۆتە نێوان ناوچەکانی مووسڵ و نەسێبین و لە خاکی هەرێمی جەزیرەیە و لە نێوان ناوچە بیابانەکانی دیار رەبیعە و لە نزیك چیادا هەڵکەوتووە (القزويني، ٢٠٠١، ٣٩٣؛ الجیهاني, ١٣٦٨هـ. ش، ٩٢)، (الاصطخري، ٢٠٠٠، ٥٣ ؛ ابن شداد، ٢٠٠٢، ١٣٥), لەو شوێنەشدا خورمایان یەکجار زۆرە کە لە هیچ شوێنێکی دیکە هاوشێوەی نەبووە

و بەروبووم و میوەجاتی زۆرە (ابن بطوطة، ١٩٩٦، ج٢، ٨٥؛ الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ٩٢).

**٥- شاری دارا:**

ئەم شارە لەسەر لووتکەی چیایە و کەوتۆتە نێوان شاری ماردین و نەسێبین (مجهول، ٢٠٠٢، ١٦٢؛ القزويني, ٢٠٠١، ٤٧٩) هەرچی دەربارەی ناوەکەیەتی ئەوا وا دەردەکەوێت لەلایەن دارای بچووکی کوڕی دارای گەورەی پاشای ساسانییەکانەوە بنیاد نراوە لە هەرێمی جەزیرە لە نزیك شاری نەسێبین (الطبري، ١٩٨٦، ج١, ٣٣٦؛ المقدسي, ١٩٠١, ج ٣, ١٥٢) ئەمەش شارێکی خۆشە و ئاوی سازگارە و دارو درەختی زۆرە و بەرهەمی کەمە (الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ٩٢؛ الادريسى, ١٩٨٨، ج٢, ٦٦٢ ).

**٦- سەرێکانی :**

سروشتی لەباری ئەم شارە هۆکارێك بووە لە لایەن زۆرێك لە وڵاتناسانەوە باسی لێوە بکرێت بەتایبەت لە باسکردن لە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیەکەی بەوەی لە نێوان نەسێبین و حەڕان دیاری کراوە (القزويني, ٢٠٠١، ٣٧٣؛ ابو الفداء, ١٩٦٠, ٢٨١), هەمان شێوە لەلایەن جەیهانیەوە باسی لێوە کراوە بەوەی ئەو شارە لە خاکی هاموونە و زیاتر لە سێسەد سەرچاوەی کانی و ئاوی لێ هەڵدەقوڵێت (ابن جبير, ١٩٣٨، ٢٢١؛ الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش، ٩٢), ئاوی زۆر و جوان و جۆگەلەی ئاوی زۆرە، تەنانەت دەتوانرێت خاکی ژێرەوەشی ببینرێت.

هەموو ئەو لقە ئاوانە بەردەوام دەبن لە ڕۆیشتن تا دواتر یەکدەگرنەوە و پێیدەوترێت خابوور، لەوێشەوە بەرەو قەرقیسیا دەڕوات کە نزیکەی بیست فەرسەخ دەڕوات و گوند و زەویە کشتوکاڵیەکان لە بەرەوە ئاو دەدات (الجيهاني, ١٣٦٨هـ. ش ، ٩٢؛ ابن خرداذبة، ١٨٨٩, ١٨٢؛ البكري, ١٩٩٢, ٢٣٤).

**٧- شاری ئامەد:**

شارێکی بچووکە و کەوتۆتە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە (الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ٩٢؛ العزيزی، ١٩٨٢، ١٠٩), هەروەها دار و درەخت و ئاوی زۆرە و شارێکە کە شوورا

و دیواری قایمی هەیە (ابن جبیر، ١٩٣٨، ٢٢١؛ الجیهانی، ١٣٦٨هـ.ش ، ٩٢)، تەنانەت ناسر خەسرۆ لە باسی ئەو شارەدا هێندە جوان وەسف و باسی کردووە کە چۆن مزگەوتەکانی ڕازابوونەوە و شوورایەکی زۆر بەهێزی هەبووە و تەواوی خانوو و شووراکەی لە بەردی ڕەش دروست کرابوون، کە زۆر جێگەی سەرنج بوون (١٩٨٣، ٤٣)، هەروەها ئەلئیدریسی ناوی بەردەکانی بە (الارحاء) بردووە کە جۆرێکە لە بەردی بەهێزی جیر (١٩٨٨، ج٢، ٦٦٣).

٨- ڕەقە و ڕافعە:

هەندێك لە سەرچاوەکان ناوی ئەم شارانە بە شێوەی جیا دەهێنن و هەندێکی دیکەشیان ناوی ئەم دوو شارەیان بەیەکەوە بەستۆتەوە، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ نزیکییان لەیەکتری بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە زۆربەی سەرچاوەکان ناوی ڕەقە و رافقە هاتووە بەڵام جەیهانی ناوی بە رەقە و رافعە بردوون، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ هەڵە لەبەرگرتنەوەی کتێبەکە و هەڵەی چاپکردنەوە بێت، لەبارەی شارەکانیشەوە جەیهانی بەو جۆرە دواوە، ئەم دوو شارە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و هەردووکیان کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات، هەردووکیشیان مزگەوتیان هەیە و دوو شوێنی سەختی تێدا دیاری کراوە (ابن حوقل، ١٩٣٨، ٤٠ ؛ الجیهانی، ١٣٦٨هـ.ش ، ص٩٢) ئەم دوو شارە پڕ لە خێر و بێر و شاری ئاوەدان و خۆشن (الحمیری، ١٩٨٠، ٢٦٣).

٩- شاری حەڕان:

شارێکی بەناوبانگی هەرێمی جەزیرەیە، و لەسەر ڕێگاکانی مووسڵ و شام و ڕۆمە (یاقوت الحموي، ج٢، ٢٣٥)، بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی کە ئەم شارە دەکەوێتە کام ناوچە، قەزوینی ئەم ناوچەیەی خستۆتە سەر دەڤەری دیاربەکر (٢٠٠١، ٣٧٦)، هەندێکیان لە دیار رەبیعە و هەندێکیشیان لە دیار موزریان داناوە (ابن الفقیه، ١٩٩١، ١٨٣؛ المهلبي، ١٩٧٥، ١١١)، هەرچی جەیهانیە لەبارەی شاری حەڕان بەو جۆرە شوێنەکەی دیاری کردووە کە نزیکە لە شاری رەقە، و شوێنێکی

بەرزی لێیە و هەروەها ڕووگەیەکی ئایینی لێیە کە خوداپەرستی تێدا دەکرێت، و پێیانوایە خێری گەورەی تێدایە خوداپەرستی لەو شوێنە بکرێت، کە هەندێکیان دروستبوونی ئەو شوێنە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر ئیبراهیم (دروودی خودای لێبێت)، و لەو شارەدا شوێنێکی بەناوبانگ هەیە کە پڕە لە دار و درەخت (الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ٩٢).

**١٠- شاری روها:**

یاقوت ناوی ئەو شارەی بۆ (رها بن الروم بن لنطی بن سام بن نوح) گەڕاندۆتەوە (ج٣, ١٠٦)، لەلایەن ڕۆمەکانەوە بە (اذاسا) ناوی هاتووە ( ابن عبدالحق, ١٩٩١,ج١, ٤٦)، هەروەها بە ئورفەش ناوی براوە ( الادریسی، ١٩٨٨، ج٢، ٦٦٠؛ الغزي, ١٩٩٨, ج١, ٤١٥)، هاوکات جەیهانی ئەم شارەی بە شارێکی مەرکەزی باس کردووە و ئاماژەی بەوە داوە لە شاری کفرتوساش بچووکترە، لە پێشوودا زۆربەی دانیشتوانەکەی نەسرانی بوون، کە زیاتر لە سێسەد دێری تێدا هەبووە، لە هەمان کاتدا گوندێکی لێ بووە کە هەمووی موسڵمان بوون، ئەو شوێنە ناوچەیەکی زۆر خۆش بووە و پڕ بووە لە دارو درەخت، ئاوی زۆر بووە (مجهول، ٢٠٠٢، ١٦٢؛ الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ٩٢).

**شارەکانی عێراقی عەرەبی:**

**١- نەهرەوان:**

شارێکی بچووکە و چوار فەرسەخ لە بەغداوە دوورە (الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ١٠٠)، هەروەها ئەبو فیدا باسی لەوە کردووە کە نەهرەوان هەم بە شار و هەم بە رووبارێکیش وتراوە کە کەوتۆتە نزیك بەغدا ( ١٩٦٠ ، ٣٠٥) هەروەها زێیەکی گەورە لە ئەرمینیایەوە بەرەو ئەم شارە دێت کاتێك دێتە دەروازەی شارەکە بە نەهرەوان ناوی دەبرێت، هەروەها لە بەشی رۆژئاوای شارەکەش مزگەوت و بازاڕی فراوانی لێ هەیە ( الحمیری، ١٩٨٠، ٥٨٢).

**٢- شاری حەلوان:**

جەیهانی لە باسی شارەکە بەو جۆرە وەسفی کردووە کە شارێکە لە عەبادان و یەکێکە لە گەورەترین شارەکان لە دوای شارەکانی دیکەی وەکو بەغدا و کووفە و واست و سامەڕا و بەسرە (الجيهاني, ١٣٦٨هـ. ش، ١٠٠)، هەروەها باسی لەوە کردووە کە لە کۆن و ئێستاشدا هەنجیری هەبووە و نزیکی چیا و کوێستانەکان بووە، لە تەواوی عیراقدا هیچ شارێك هێندەی ئەو لە چیا نزیك نییە، هەروەها بەردەوام ئەو شارە بەفری لێکەوتووە و بەفرەکەشی ماوەتەوە (الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش، ١٠٠ )، هەروەها بەیەکەم شاری هەرێمی چیا دادەنرێت ( یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ج٢، ٢٩٠). بەدەر لەمانەش جەیهانی لە میانەی باسکردنی شارەکانی هەرێمی چواردەهەمدا لە باسی شارەکانی ئەو هەرێمەی کە بە کوێستان ناوی بردووە جارێکی دیکەش شاری حەلوانی خستۆتەوە بەر باس بەوەی ئەم شارە لەسەر چیادا هەڵکەوتووە و بەسەر عێراقدا دەڕوانێت و بەشێك لە خانووەکانی لە گڵ و بەشێکیشی لە بەرد دروستکرابوون، ئەم شارە بەفری زۆری لێکەوتووە و چەندەها جۆر داری تێدا هەبووە و لەوانە ( بلح و هەنجیر و هەنار )، هەرچەندە لە باسی عێراق ناوی حەلوانمان بردووە، بەڵام لەبەر باسکردنەوەی کەش و هەوا لێرەش ئاماژەمان پێدایەوە کە مەبەستی لە هەرێمی چواردەهەمە (الجيهاني, ١٣٦٨هـ. ش ، ١٤٢ ).

بێگومان ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە هەبوونی جۆری بەرهەمی میوەجاتی باش لە شارەکە و هەروەها کەش و هەوا لەبارەکەی جێگەی سەرنجی زۆرێك لە گەڕیدەکانی ڕاکێشاوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (همزە کاکە یاسین، حلوان، اربیل ، ٢٠١١) .

**٣- شاری دەسکەرە:**

ئەم شارە دارخورمای زۆر بووە و سەرباری هەبوونی کشتوکاڵ و بینای زۆر، دەوری شارەکە وەك پەرژینێکی لە گوڵ دروستکراو وایە، لە ناویشیەوە چۆڵاییە و بینا و ئاواکاری تێدا کەمە، هەروەك وتوویانە کە ئەم شارە پاشایەکی هەبووە کە لە وەرزێکەوە بۆ یەکێکی دی هاتووە بۆ ئەوێ و تێیدا ماوەتەوە و سەربازگەیەکی لێ دامەزراندووە بەم شێوەیەش ناونراوە دەسکەرەی پاشا (الاصطخري، ٢٠٠٠، ٨٧؛ الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ١٠١ ).

**شارەکانی هەرێمی دەیەم هەرێمی فارس:** لەم هەرێمەدا تەنها باسی لەو شارە کردووە:

**١- دارابجەرد:**

وا دیارە ئەم شارە لەلایەن دارای پاشای فارسەکانەوە بنیاد نراوە، هەر لەبەر ئەوەشە بەو ناوە ناونراوە و پێی وتراوە کاری دارا (الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش، ١١٥)، لە دەوریشی چاڵ هەڵکەنراوە ئاوی تێدا هەڵدەقوڵێت، ئەم شارە میوەجاتی یەکجار زۆر بووە بەتایبەت لە لێوار و قەراغی دەریاکەیدا (الجيهاني, ١٣٦٨هـ. ش ، ١١٥؛ الحميري، ١٩٨٠، ٢٣٤) ، لە هەمان کاتدا ئەم شارە چوار دەرگای هەیە کە یەکێکیان کەوتۆتە ناوەڕاستی شارەکەوە، هەروەها گومبەزێکی هەیە کە بەهیچ شتێکەوە پەیوەست نییە، لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی بینا و ئاواکاریەکانی ئەم شارە لە گڵ و خشت بنیادنراون هەروەها لە تەنیشت ئەو شارەوە چیایەك هەیە کە ئەو چیایە چەندەها جۆر خوێی لێیە لە ڕەنگی سوور و سپی و زەرد و ڕەش کە چەندین جۆر

کەلوپەلی لێ دروست دەکرێت و بۆ تەواوی ناوچەکان دەنێردرێت (الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ١١٥؛ القزويني، ٢٠٠١، ١٨٨).

لە هەرێمی چواردەهەمدا کە بە کێو یان چیا ناوی بردووە ناوی هەندێك لە شارە کوردیەکانی خستۆتە سەر ئەم شارە وەکو قەسر ئەللسوس و دینەوەر و کرماشان، کەچی هیچ دەربارەی ئەو شارانە نەدواوە و هیچی لەبارەیانەوە نەنووسیوە بە پێچەوانەوە هەندێك شاری دیکەی باس کردووە وەکو:

**١- شاری هەمەدان:**

لە ناوەڕاستی هەرێمی چیاکان هەڵکەتووە و بە گەورەترین ناوچەی ئەم هەرێمە دادەنرێت (السمعاني، ١٩٨٨ ، ج٥، ٦٤٩؛ ابو الفداء، ١٩٦٠ ، ٤١٧؛ سباهی زادة، ٢٠٠٨ ، ٦٤٨.، کە چەندین شارۆچکە  و گوند و ناوچەی دەوروبەری هەیە کە بە شەشسەد و شەست گوند دەخەملێنرێت (یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ج ٥ ، ٤١٠)، هەروەها جەیهانی لەبارەی ئەم شارە بەو جۆرە گوزارشتی کردووە کە شارەکە چوار دەرگای لە ئاسن دروستکراوی هەبووە و بیناکانی زیاتر لە گڵ دروستکراو بوون، هەروەها جۆگەلەی ئاوی ساف و بێ کۆتایی هەبووە، کە باغ و بێستانەکانی لە ژمارە نەدەهاتن، هەروەها خەڵکی هەمەدان لە ڕووی داب و نەریتەوە خەڵکانێکن بێ پایان خاوەن ڕێزن (الجیهاني, ١٣٦٨هـ ش ، ١٤١؛ القزويني، ٢٠٠١، ١٨٨).

**٢- شاری بروجەرد:**

جۆرێك لە جیاوازی لە باسکردن لەو شارەدا هەیە یاقوت لە باسی شارەکە ئاماژەی بەوە داوە کە سەرەتا گوند بووە و دواتر بۆتە شار ( ج ٤ ، ٤٤٦ ) بەڵام هەندێك سەرچاوەی دیکە وەك مەڵبەندێکی گرنگی ماهـ بەسرە باسیان کردووە (قدامة بن جعفر, ١٩٨١, ١٧٣), لەلایەکی دیکەشەوە جەیهانی باسی ئەم شارەی کردووە بەوەی کە پڕ لە خێر و بەرەکەت بووە، تەنانەت وەزیر ئەبی دۆلفی حەمەویە، ڕەنگە مەبەستی لە ئەبی دۆلف ئەلعجلی بیت وەزیری هاروونە ڕەشید کە لە ساڵی ٢٢٦ك/٨٤٠ ز مردووە، سەکۆ و خانوویەکی لەوێدا هەبووە، و بەرهەمی زۆر چاك

لەو شارەدا دەسکەوتووە، کە بەرهەمی دانەوێڵە بووە تەنانەت درێژی ئەو بەرهەمە نزیکەی نیو میل بووە، هاوکات بەرهەمی زەعفەران لەم شارەدا بەرهەم هاتووە (مجهول، ٢٠٠٢، ١٥١؛ الجیهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ١٤٢؛ القزویني، ٢٠٠١، ٣٠٧).

**٣- شاری نەهاوەند:**

سەبارەت بەناوەکەی دوو بیروڕای جیاواز خراوەتە ڕوو ئەویش لە نوحئاوەند وەرگیراوە کە ناوی پێغەمبەر نوحە (د. خ) کە بنیادنەری شارەکە بووە ( ابن الفقیه، ١٩٩١، ٤٥٩؛ ابن عبدالحق، ١٩٩١, ج٣, ١٣٩٧)، یاخود لەناوی ناوچەکەوە وەرگیراوە کە چەندە پڕ خێر و بەرەکەت بووە بەناوی نیوهاوند بەمانای چەندەها خێر هاتووە, ئەو شارە لەسەر چیا بنیاد نراوە، زۆربەی خانووبەرەکانی لە گڵ دروستکراو بوون، هەروەها شارەکە بە باخ و بێستان دەورە دراوە، تەنانەت جۆرەکانی بەرهەمی ئەو شارە بووبوونە سەرچاوەیەك بۆ عیراق، هەروەها زەعفەرانیشیان بەرهەم هێناوە، درێژی شارەکە نیو فەرسەخ بووە، هاوکات دوو مزگەوت هەبووە لە شارەکەدا شوێنێکی تایبەت هەبووە بۆ مەزاری هاوەڵە شەهیدەکان تەنانەت گڵکۆی گۆڕی عەمری کوڕی معادی کیراب[٤] لەوێ بووە (الجیهاني, ١٣٦٨هـ. ش ، ١٤٢).

**٤- ڕۆزراوەر:**

ئەمە ناوی گوندێکی کە پڕ خێر و بەرەکەت بووە, لە کاتێکدا ئیبن حەوقەل وەك بە هەرێم و ناوچەیەکی زۆر خۆش وەسفی دەکات (الجیهاني, ١٣٦٨هـ. ش ، ١٤٢)، تەنانەت باسی لەوە کردووە کە بەرهەمی زەعفەرانی زۆر باشی لێ وەبەردەهێنرێت کە لە هیچ شوێنێکی زەویدا هاوشێوەی نییە ( ١٩٣٨، ٣٦٠).

**٥- سەمیرە و شێروان:**

زۆرینەی سەرچاوەکانی جوگرافیناسی ناوی ئەم دوو شارەیان بەیەکەوە بردووە بەڵام جیاوازیەکەیان لەگەڵ جەیهانی لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەوان ناوی شاری سەمیرەیان بە سەیمەرە بردووە ( الیعقوبي، ٢٠٠٠، ٧٢؛ یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ج٣, ٢٩٦) ڕەنگە هۆکاری ئەم جیاوازیەش بۆ هەڵەی چاپ بگەڕێتەوە یاخود هەردوو ناوەکە بۆ ئەم شارە بەکار هاتبێت. هەروەك وتراوە شاری سیروان ناوی بە (ماسبذان) هاتووە و ناوی شاری سەمیرەش خراوەتە سەر کورەیەك بەناوی (مهرجان قذق) کە هەردووکیان لە هەرێمی چیاکان بوون (ابن الفقيه ١٩٩٦, ٤١٧؛ المقدسي, ١٩٩١, ٩٤؛ الحميري, ١٩٨٠, ٣٥١) لەلایەکی دیکەشەوە جەیهانی بەو جۆرە باسی لەو شارانە کردووە، کە دوو شاری بچووکن و زیاتر خانووەکانیان لە بەرد و گەچ بنیادنراون، هەردوو شارەکە زۆر خۆش و جوان و دڵڕفێن بوون، تەنانەت کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاویان زۆر بووە، جۆگەلەی ئاویش لە هەردوو شارەکەدا بینراوە، هەروەها ئاوی زۆر و ڕوون و باشیان هەبووە (الجيهاني, ١٣٦٨هـ. ش ، ١٤٢؛ الاصطخري، ٢٠٠٤، ٢٠٠).

**٦- شاری شەهرەوەرد:**

شارێکی بچووك بووە و بەشی زۆری خەڵکی ئەو شارە کورد بوون (الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش،١٤٢)، هەروەك بابەتی کوردبوونی ئەم شارەش بەتەواوی لەلایەن ئوستوخریش پشتڕاست کراوەتەوە : (سهرورد الغالب عليها الاكراد) ( ٢٠٠٤، ٢٠٠)، هەروەها ئیبن حەوقەلیش ئەم شارەی بە شاری شەهرەزوور چواندووە و بەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن (١٩٣٨، ٣٦٩) ، هاوکات جەیهانی باسیشی لەوە کردووە کەوا حاکم و دەسەڵاتدارانی ئەو شارە لە کوردەکان بوون (الجيهاني, ١٣٦٨هـ. ش، )١٤٢.

**٧- چیای بێستوون:**

ئەم چیایە کەوتۆتە نێوان هەمەدان و حولوانەوە ( القزويني، ٢٠٠١، ٣٤٢) ئەم چیایە زۆر بەرز بووە و گەیشتن بە لووتکەکەی مەحاڵ بووە، ڕێگەی حاجییان بە ژێر یان قەراغی چیاکەدا تێدەپەڕی، و لە کۆتایی چیاکەشدا ئەشکەوتێك هەبووە کە بەتەواوی ڕووناکە هەروەها فراوانیەکەی چوار پێ دەبێت کە مرۆڤ دەتوانێت بەتەواوی لەناویدا دابنیشێت، هەروەك وتراوە وێنەی کیسرا و شبدیزی لەسەر هەڵکەندراوە (الجيهاني, ١٣٦٨هـ. ش ، ١٤٣؛ الاصطخري،٢٠٠٤، ٢٠٠).

**٨- چیای جوودی و گوندی هەشتایان:**

بێگومان بەهۆی دوورو درێژیی چیایەکە لە سەرچاوەکاندا دراوەتە پاڵ مووسڵ و نەسێبین، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەم شارە لە هەرێمی جەزیرەیە (القزويني، ١٩٥٦، ٩٩؛ الهروي، ٢٠٠٢، ٦٢، ٦٣)، هەروەك جەیهانی باسی لەوە کردووە، چیایەکە لە نزیك نەسێبین کەشتی نوح لەوێ ڕاوەستاوە لە ژێر ئەوێوە گوندێك هەبوو پێی دەڵێن هەشتایەمین ئەو کەسانەی لەگەڵ نوح بوون هەشتا کەس بوون و ئەم کەسانە ئەو لادێیەیان ئاوەدان کردۆتەوە (الجيهاني, ١٣٦٨هـ.ش ، ١٤٣).

**٩- زوومە کوردەکان:**

جەیهانی لە باسی زوومە کوردیەکانی هەرێمی فارسدا وتوویەتی کە لەوێدا کۆمەڵگا گەلێك هەن بەناوی زووم (عەشیرەتی گەورەی پێکهاتوو لە چەندین بەرە و تایەفە و عەشیرەتی بچووکە) گەورەترینیان زوومی جیلۆیەی ناوە کە ڕەمیجانیشی پێ وتراوە و زومی دیکەش هەیە وەك شەهریرا کە باسەنجانیشی پێ وتراوە و ئنجا زومی ئەحمەدی کوڕی حەسەن کە ناوەکەی دیکەی کاریانە و زوومی دیکەش هەیە وەك ئەردەشێر، هاوکات باسی لەوە کردووە کە ژمارەی ئەو مەڕلەوەڕێنانە یەکجار زۆر بووە و دەڵێن لە سەرانسەری  وڵاتی  فارسدا پێنج سەد هەزار ڕەشماڵ لە دۆڵ و دەر و دەشت و بیاباندا هەڵدەدرێت کە وەك عەرەبەکان لە زستان و هاویندا بە شوێن لەوەڕ و شوێنی حەواندنەوەی ئاژەڵەکانیانەوەن، لە هەر ڕەشماڵێکدا دە نەفەر دەژین

كه پێكهاتوون له گەورەی خانەوادە و ئەندامانی خانەوادە و كاردار و شوان و گاوان (الجيهاني، ١٣٦٨هـ.ش ، ١٤٣). وا دیارە ئەم زانیاریە لە لایەن بەشێكی زۆری جوگرافی ناسەكانی دیكە كە بەر لە جەیهانی و دوای ئەویش نووسراون ئەمە پشت ڕاست كراوەتەوە بۆ نموونە هەریەك لە یەعقوبی و ئیبن خوردازبە و ئیبن حەوقەل و ئوستوخری و یاقوت حەمەوی هتد.. باس كراون بەڵام جیاوازیەكەیان لێرەدا بەدیار دەكەوێت كە هەر یەكەیەكیان ژمارەی زومەكانی لەوەی دیكە بە جیار باس كردووە بۆ نموونە ئیبن خوردازبە ناوی چوار زوومی بردووە بەڵام ناوی هەندێكیان لەوەی جەیهانی جیاوازە بۆ نموونە باسی زوومی (ارادام بن جواناه) ی كردووە جەیهانی ناوی نەهێناوە و ماوەی نێوان زوومەكانی دیاری كردووە لە ئەشكال ئەلعالەم ئەوە نابینرێت،  لەلایەكی دیكەوە ئوستوخری و یاقوت حەمەوەی باسی پێنج زوومیان كردووە و زۆر بە وردەكاریەوە  باسیان كردوون (٢٠٠٠، ٦٨- ٧٠؛ ١٩٩٥، ج٢، ٣٨٩، ٥٤٤، ج٣، ٧٠-٧١).

بەدەر لەمانەش زۆرینەی سەرچاوەكان ئەم پێنج سەد هەزار ماڵ یان رەشماڵ نشینە كوردەیان جیا لە زوومەكان باس كردووە بگرە كۆمەڵێك ئاوایی و گوندی دیكەشیان لەو ناوچانە دەستنیشان كردووە وەك گوندی كورد كە لای جەیهانی ئاماژەی پێ نەدراوە (الجيهاني، ١٣٦٨هـ.ش ، ١١٠؛ ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ج٢، ٣٨٩).

**ئەنجام:**

١- زانیاری دەربارەی ژیانی تایبەتی نووسەر زۆر كەمە بەتایبەت لە ساڵی لەدایكبوون و مردنی و شێوازی ژیان و ژیانی خانەوادەیی ناوبراو.

٢- جەیهانی یەكێكە لە جوگرافیناسە هەرە دیارەكانی سەدەی چوارەمی كۆچی/ دەهەمی زایینی كە لەو كاتەدا لە دەرباری سامانییەكان زانستی جوگرافیناسی گەیشتبووە لووتكە بۆیە ئەویش وەك حەزێكی خۆی پێویستی ناوچەكەی ئەم كتێبەی نووسیوە.

٣- ئەم کتێبە بەدەر لەوەی کە جوگرافیای وەسفی بەسەریدا زاڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوشێوەی فەرهەنگێك نووسراوە کە پڕە لە زانیاریی جۆراوجۆر و هەمەچەشنە.

٤- کتێبەکە لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی نووسراوە، و دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بەهۆی باڵادەست بوون و مۆدی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بوویێت بەهۆی ئەوەی زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە ژێر سایەی ئیسلام بوون، کەچی ئەوەی جێگەی داخە دانە دەستنووسە ڕەسەنەکەی ئەم کتێبە لەناو چووە و نەماوە.

٥- بەدەر لەوەی زانیاری دەربارەی بەشێکی زۆری هەرێم و ناوچە دراوسێکانی دەوڵەتی سامانی تۆمار کردووە لەگەڵ ئەوەشدا باسی کورد و ناوچە کوردیەکانیش چەند لاپەڕەیەکی لەم کتێبە دانسقەیە گرتووە.

**پەراوێزەکان:**

(١) لە ڕاستی ئەوە جێگەی تێبینییە کە تۆ حەوت بەرگ کتێب ببینی و لە کتێبخانەیەکی گەورەی دەیلەمییەکان بێت و بەڵام ناوی نووسەری لەسەر نەبێت ئەی ئەو کتێبە چۆن گەیەنراوەتە ئەو کتێبخانەیە، چۆن بێ ناونیشان بووە، ئێستا ئەگەر کتێبەکە یەك دانە بووایە و لەلای کەسێکی ئاسایی بوایە هێشتا زیاتر لەگەڵ ئاوەز دەهاتەوە، بەڵام لەو شوێنە و حەوت بەرگ کتێب جێگەی تێڕامانە.

(٢) لە سەرچاوەکانی دیکە بە بالوسا هاتووە، ڕەنگە هۆکاری ئەو ناو گۆڕینە بگەڕێتەوە بۆ هەڵەی لەبەرگرتنەوە. (الاصطخري، ٢٠٠٤، ٥٢؛ الادريسي ، ١٩٨٧، ج٢ ، ٦٦١).

(٣) ناوی ئەم چیایە بەو شێوەیە لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەهاتووە بەڵام چیای نەسێبین هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە چیای هاروونیە لەو پەڕی سنووری وڵاتی شامە و لە سەردەمی هاروونە ڕەشید قەنتەرەی لێ دروست کراوە و نۆژەن کراوەتەوە بۆیە بەو ناوەشەوە ناو نراوە (المهلبي، ١٩٧٥، ٢٠١؛ ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ج٥، ٣٨٨).

(٤) لە ڕاستیدا ئەم ناوە ڕەنگە مەبەستی ئەبو سەور عەمری کوري مەعدیکیرب بیت کە هاوەڵی پێغەمبەر (د.خ) بووە، دوای وەفاتی پێغەمبەر هەڵگەڕاوەتەوە لە دین و دواتر جارێکی دیکە موسڵمان بۆتەوە لە ساڵی (٢١ك/ ٦٤٢ز) بە بەشداریکردنی لە شەڕی نەهاوەند و یارمەتیدانی

موسڵمانەکان لەو شەڕەدا شەهید بووە (ابن القتیبە الدینوري، ١٩٩٢، ٢٩٩؛ الطبري، ١٩٩٢، ٤٣١؛ ابن الكثير، ١٩٨٦، ج٥، ٧٢).

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی عەرەبی:**


- ابن الاثير، أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيباني الجزري، عزالدين ابن الأثير (المتوفى: ٦٣٠هـ) (١٩٩٧)، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت – لبنان.
- ابن العماد الحنبلي، عبدالحي بن أحمد بن محمد ابن العماد العَكري الحنبلي، أبو الفلاح (المتوفى: ١٠٨٩هـ) (١٩٨٦)، شذرات الذهب في أخبار من ذهب، حققه: محمود الأرناؤوط، دار ابن كثير، دمشق – بيروت.
- ابن الفقيه، أبو عبدالله أحمد بن محمد بن إسحاق الهمداني المعروف بابن الفقيه (ت ٣٦٥) (١٩٩١)، البلدان، عالم الكتب، بيروت.
- ابن الكثير: أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (المتوفى: ٧٧٤هـ) (١٩٨٦)، البداية والنهاية، دار الفكر، بيروت.
- ابن النديم، أبو الفرج محمد بن إسحاق بن محمد الوراق البغدادي المعتزلي الشيعي المعروف بابن النديم (المتوفى: ٤٣٨هـ) ( ١٩٩٧)، الفهرست، المحقق: إبراهيم رمضان، الناشر: دار المعرفة بيروت – لبنان.

- ابن بطوطة ، محمد بن عبدالله بن محمد بن إبراهيم اللواتي الطنجي، أبو عبدالله، ابن بطوطة (المتوفى: ٧٧٩هـ) (٢٠١٢)، رحلة ابن بطوطة، دار الشرق العربى، بيروت.
- ابن جبير، محمد بن أحمد بن جبير الكناني الأندلسي، أبو الحسين (المتوفي: ٦١٤هـ) (٢٠١٤)، رحلة ابن جبير، دار ومكتبة هلال، بيروت.
- ابن حوقل، محمد بن حوقل البغدادي الموصلي، أبو القاسم (المتوفي: بعد ٣٦٧هـ) (١٩٣٨)، افيديست، ليدن، دار صادر ، بيروت.
- ابن خرداذبة، أبو القاسم عبيدالله بن عبدالله المعروف بابن خرداذبة (المتوفى: نحو ٢٨٠هـ) (١٩٨٩)، المسالك والممالك، دار صادر افيدست ليدن، بيروت.
- ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن محمد، ابن خلدون أبو زيد، ولي الدين الحضرمي الإشبيلي (المتوفي: (٨٠٨هـ)، (١٩٨٨)، تاريخ ابن خلدون، خليل الشحادة، دار الفكر ، بيروت.
- ابن عبدالحق البغدادى، عبد المؤمن بن عبد الحق، ابن شمائل القطيعي البغدادي (المتوفى: ٧٣٩هـ) (١٩٩١)، مراصد الاطلاع على الامكنة والبقاع، ، دار الجيل، بيروت.
- ابو الفداء، عمادالدين إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد ابن عمر بن شاهنشاه بن أيوب (المتوفي: ٧٣٢هـ) (١٩٦٠)، المختصر فى اخبار البشر، المطبعة الحسينية المصرية، مصر.
- الادريسى، محمد بن محمد بن عبد الله بن إدريس الحسني الطالبي، المعروف بالشريف الادريسي (المتوفى: ٥٦٠هـ) (١٩٨٨)، نزهة المشتاق فى اختراق الافاق، عالم الكتب، بيروت.
- الاصطخرى، أبو اسحاق إبراهيم بن محمد الفارسي الاصطخري، المعروف بالكرخي (المتوفي: ٣٤٦هـ) (٢٠٠٤) ، المسالك والممالك، تحقيق: محمد جابر عبدالعال الحسني، مراجعة: محمد شفيق غربال دار صادر، بيروت.
- البغدادي، إسماعيل بن محمد أمين بن مير سليم البابانى البغدادي (المتوفي: ١٣٩٩هـ) (١٩٥١)، هدية العارفين أسماء المؤلفين وآثار المصنفين، دار إحياء التراث العربي بيروت – لبنان.
- الحميري، أبو عبدالله محمد بن عبدالله بن عبدالمنعم الحِميرى (المتوفي: ٩٠٠هـ) (١٩٩٠)، روض المعطار فى خبر من الاقطار، الطبعة الثانية، دار الناصر للثقافة، بيروت.

- الدينوري: أبو محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبة الدينوري (المتوفى: ٢٧٦هـ)، ١٩٩٢، المعارف، تحقيق: ثروت عكاشة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط: الثانية، القاهرة.
- الذهبي: شمس الدين أبو عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي (المتوفى: ٧٤٨هـ)( ١٩٨٥)، العبر في خبر من غبر، المحقق: أبو هاجر محمد السعيد بن بسيوني زغلول، دار الكتب العلمية – بيروت.
- الشابشتي: أبو الحسن علي بن محمد، المعروف بالشابشتي (المتوفى: ٣٨٨هـ) (١٩٩٦)، الديارات، تحقيق: گورگيس عواد، مكتبة المثنى، بغداد.
- الصفدي: صلاح الدين خليل بن أيبك بن عبدالله الصفدي (المتوفى: ٧٦٤هـ) ٢٠٠٠، الوافي بالوفيات، المحقق: أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث – بيروت.
- الطبري: محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي، أبو جعفر الطبري (المتوفى: ٣١٠هـ) ١٩٨٦، تاريخ الأمم والملوك، دار الكتب العلمية – بيروت.
- الغزي: كامل بن حسين بن محمد بن مصطفى البالي الحلبي، الشهير بالغزي (المتوفى: ١٣٥١هـ) ١٩٩٨، نهر الذهب في تاريخ حلب، الطبعة: الثانية، ، دار القلم، حلب.
- الفارقي، (١٩٧٤) تاريخ الفارقي، تحقيق و تقديم بدوي عبداللطيف عوض، دار الكتب اللبنانى، الطبعة الثانية، بيروت.
- القزويني، زكريا بن محمد بن محمود القزويني (المتوفى: ٦٨٢هـ) (١٩٨٧)، آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر – بيروت.
- (١٩٥٦)، عجائب المخلوقات وغرائب الموجودات، مصر.
- القزويني: عبدالكريم بن محمد بن عبدالكريم، أبو القاسم الرافعي القزويني (المتوفى: ٦٢٣هـ) ١٩٨٧، التدوين في أخبار قزوين، المحقق: عزيزالله العطاردي، دار الكتب العلمية، بيروت.
- مؤلف مجهول (توفي: بعد ٣٧٢هـ)، (حدود العالم من المشرق إلى المغرب، محقق ومترجم الكتاب (عن الفارسية) : السيد يوسف الهادي، الدار الثقافية للنشر، القاهرة.
- المسعودي : أبو الحسن على بن الحسين بن على المسعودي (المتوفى: ٣٤٦هـ)، (١٩٣٨)، التنبيه والإشراف، تصحيح: عبدالله إسماعيل الصاوي، دار الصاوي - القاهرة

- المقدسي: المطهر بن طاهر المقدسي (المتوفى: نحو ٣٥٥هـ)، (د. س. ط)، البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية، بور سعيد.
- المقدسي، أبو عبدالله محمد بن أحمد المقدسي البشاري (٣٨٠ك) (١٩٩١)، احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، مكتبة مدبولي، القاهرة.
- المهلبي، الحسن بن أحمد المهلبي العزيزي (المتوفى: ٣٨٠هـ) (١٩٩٥)، المسالك والممالك، تحقيق تيسير خلف، دار صادر ، بيروت.
- ناصر خسرو: ابو معين الدين القباداني المروزي (المتوفى:٤٨١هـ/١٠٨٨م) سفرنامه (١٩٤٥)، ترجمة: يحيى الخشاب، مطبوعات معهد اللغات الشرقية، القاهرة.
- الهروي، علي بن أبي بكر بن علي الهروي، أبو الحسن (المتوفى: ٦١١هـ) (٢٠٠٢)، الاشارات الى معرفة الزيارات، مركز الثقافة الدينية، القاهرة.
- ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي الحموي (المتوفى: ٦٢٦هـ)، (١٩٩٥)، معجم البلدان، الطبعة الثانية ، دار صادر، بيروت.
- معجم الادباء، (١٩٩٣) معجم الأدباء = إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب، المحقق: إحسان عباس، دار الغرب الإسلامي، بيروت،
- اليعقوبى، أحمد بن إسحاق (أبي يعقوب) بن جعفر بن وهب بن واضح اليعقوبي (المتوفى: بعد ٢٩٢هـ) (٢٠٠١)، البلدان، دار صادر، بيروت.


**سەرچاوەكان بە زمانی فارسی:**


- ابن فضلان، أحمد بن فضلان بن العباس بن راشد ابن حماد (المتوفى: بعد ٣١٠هـ)، سفرنامه، ت: ابو الفضل طباطبائى، مؤسسة شرق، تهران.
- ابو ريحان البيروني، (ابي ريحان بن احمد البيروني الخوارزمي٤٤٠هـ) (١٣٤٢هـ. ش)، اثار الباقية عن القرون الخالية، ترجمه: اكبر دانا سرشت، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران.
- خوافي، احمد بن محمد بن يحيي فصيحى (٨٤٩ ك)، مجمل فصيحى، تصحيح وتحقيق، سيد حسن ناجى نصرابادى، انتشارات اساتير، تهران.

- عوفى، نورالدين بن محمد ( ت حوالى، ٦٣٠ ك) (١٣٦٩ هـ. ش)، لباب الالباب، تعليقات محمد قزوينى، كتابفروشى فخر رازى، تهران.
- گرديزى: (ابو سعيد عبدالحى بن ضحاك ابن محمود گرديزى (المتوفى٤٤٢-٤٤٣ هـ) (١٣٦٣هـ. ش) ، زين الاخبار، تصحيح: عبدالحى حبيب، دنياى كتاب، تهران.
- منهاج السراج: ( ابي عمر منهاج الدين عثمان منهاج السراج الجزجاني ( المتوفى ٦٥٨هـ) ( ١٣٤٢هـ. ش)، طبقات الناصرى، تصحيح: عبدالحى حبيبى قندهارى ، ج١, پوهنى مطبه كابل نشر شد, كابل.
- مؤلف مجهول، (١٣١٤ هـ. ش), تاريخ سيستان، بتصحيح ملك الشعراء محمد تقى بهار، كلاله خاور، تهران.
- نرشخى, ( ابو بكر محمد بن جعفر النرشخى المتوفى ٣٢٢هـ) (١٣١٧هـ. ش)، تاريخ بخارى، تلخيص محمد بن زفر بن عمر، اهتمام : مدرس الرضوى، كتابفرشى سنايى، تهران.

**ژێدەرەکان بە زمانی فارسی:**

- بروكلمان , كارل (١٣٤٦هـ. ش)، تاريخ ملل ودول اسلامى، مت: هادى جزائرى، كتابخانه ملى ايران، تهران.
- فراى, نيلسون ريچارد (١٣٧٥ هـ. ش)، عصر زرين فرهنگ ايران، ترجمه: مسعود رجب نيا، انتشارات سروش، تهران.
- القزوينى, محمد (١٣٦٣ هـ. ش)، يادداشتها, بەكوشش ايرج افشار، تهران.
- كراتشكوفسكى (١٩٥٧)، تاريخ الاداب والجغرافيا العربية، ترجمه: صلاح الين عثمان هاشم، القاهرة.
- مدرس تبريزى، محمد على (١٣٧٤)، ريحانه الادب، انتشارات خيام، چاپخانه حيدرى، چاپ چهارم، تهران.
- مصاحب، غلامحسن (١٣٤٥هـ. ش)، دايرة المعارف الفارسى، انتشارات فرانكلين، تهران- نيويورك.
- ناجى, محمد رضا (١٣٦٨هـ. ش)، دانشنامه جهان اسلام، جلد پازدهم، مؤسسه فرهنگى هنرى كتاب مرجع، تهران.

## الملخص

### الكورد وكوردستان في كتاب اشكال العالم للجيهاني

يبدو ان آل جيهان من الاسر المشهورة في سجستان، اذ برز فيهم نخبة من الرجال تقلدوا مناصب ادارية في سجستان. وان هذا ساعد محمد بن احمد الجيهاني على تقلد منصب اداري مهم عند السامانيين، اذ اصبح وزيرا للامير نصر بن احمد الساماني مما لاشك فيه ان تقلده لهذا المنصب فتح الباب امام العلماء في مجالات عدة، نتج عنه هذا الكتاب القيم، ومع ان الكتاب يبدو من شكله كتابا جغرافيا وصفيا الا انه في نفس الوقت يعتبر قاموسا لمعلومات عدة . الى جانب هذا الكتاب فان للمؤلف كتابا آخر جاء ذكره في المصادر التاريخية. كما ان عدداً من صفحات الكتاب خصصت لذكر الاقاليم والمدن الكوردية, لهذا انصب الاهتمام على معرفة فكرة كاتب فارسى في هذا المجال، وحاولنا توضيح ذلك من خلال ماورد في كتاب الجيهاني. وكذلك توضيح فكرته من خلال مقارنتها وتحليلها مع مصادر اخرى.

**الكلمات الدالة :** الجغرافيون، المدينة، الجيهاني، المصادر، السامانيون.

## Abstract
## The Kurd A Kurdistan From
## (Ashkal Al Alam's) Book of Jaehany

The research is titled "Kurd and Kurdistan in the book of Jaehany". It appears that Bani Jihan is one of the most famous families in Sijistan. This has to do with the emergence of a particular group of men, among them, men who held administrative positions in Sijistan. Due to this reason, it helped Muhammad bin Ahmed Al-Jihani to assume a significant (besser als important) administrative position amongst the Samanids. He became a minister to Prince Nasr bin Ahmed Al-Samani. Undoubtedly, his imitation of this position has opened the door for scholars in several fields to investigate. The scientific meetings have resulted in this significant work/piece. Although, at first glance this work can appear to be a descriptive geographical investigation, it also can be considered as a dictionary of many forms of information. In addition to this work, the author added another, which were quoted and mentioned in historical sources. In a number of pages within the work, "Shapes of The World", are devoted to the Kurdish region and cities. Therefore, the attention was focused on getting to know the idea of a Persian writer. In this area, they have tried to clarify the meaning of the Persian writer, through what is mentioned in Al-Jahani's work. Last but not least, clarifying his idea by comparing and analysing it through other sources.


**Keywords**: geographers,The city, Jaehany, sources, The Samanids.